گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper2
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٦/٠٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٨/٠٦
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# لادانی زمانی لە شیعری (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)ی ئەنوەر قادر محەمەد بەپێی لیستی پشکنینی لیچ و شۆرت

**خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول**
khasro.khoshnaw67@gmail.com
بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شەقڵاوە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە:

توێژینەوەکە بۆ (لادانی زمانی لە شیعری وەرزی –سەرهەڵدانی فەرهاد–ی ئەنوەر قادر محەمەد بە پێی لیستی پشکنینی لیچ وشۆرت) تەرخانکراوە. بواری توێژینەوەکە زمانەوانیی کارەکییە، چونکە لادانی زمانی سەر بە شێوازناسییە و شێوازناسیش بوارێکە لە زمانەوانیی کارەکی. کەرەستەکەی دەقی شیعری (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)ی ئەنوەر قادر محەمەدە. ڕێبازی توێژینەوەکە شیکاریی پراکتیکییە و لە پۆلێنبەندیی جۆرەکانی لادانی زمانیدا، پشتی بە بۆچونی لیستی پشکنینی هەردو زمانەوان (لیچ وشۆرت) بەستوە. بۆ ڕێژەکانیش پشت بە ئامار بەستراوە. گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە شێوازی دەقە شیعرییەکەی دەرخستوە. توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دو بەش پێکهاتوە. لە بەشی یەکەم بە ناونیشانی (زمانی شیعر و لادان) دا، باسی لادانەکانی (فۆنۆلۆجی، لێکسیکی، ڕێزمانی، زاری و زمانی، واتایی، مێژویی، شێوازی و نوسینی) کراوە. بەشی دوەم بە ناونیشانی (پەیوەندیی واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتی بە لادان و ڕۆڵیان لە لێکدانەوەی شیعردا)یە. لە هەر کۆپلەشیعرێکدا، واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتی دیاریکراون.

**وشە کلیلییەکان:** لادان، فۆنۆلۆجی، لێکسیکی، ڕێزمانی، واتای نائاسایی، واتای هاوڕێیەتی.

## پێشەکی:

**ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (لادانی زمانی لە شیعری وەرزی –سەرهەڵدانی فەرهاد– ی ئەنوەر قادر محەمەد بە پێی لیستی پشکنینی لیچ و شۆرت). بواری توێژینەوەکە زمانەوانیی کارەکییە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی توێژینەوەکە شیکاریی پراکتیکییە و لە پۆلێنبەندیی جۆرەکانی لادانی زمانیدا، پشتی بە بۆچونی لیستی پشکنینی هەردو زمانەوان (لیچ و شۆرت) بەستوە، کە پۆلێنبەندییان بۆ جۆرەکانی لادانی زمانی کردوە.

**کەرەستەی توێژینەوەکە:** کەرەستەکەی دەقی شیعری (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)ی ئەنوەر قادر محەمەدە، کە نۆ کۆپلەشیعرە و بە دیالێکتی ناوەڕاست نوسیویەتی.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە بە هۆی لیستی پشکنینی هەردو زمانەوانەکە توانیویەتی شێوازی دەقەشیعرییەکە دیاریبکات و وادەکات، کە خوێنەر لە دەقەشیعرییەکە بگات.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

1-لادانی زمانی چ کاریگەرییەکی بەسەر دەقی شیعرییەوە هەیە؟

2-بۆچی خوێنەر بە ئاسانی لە دەقەشیعرییەکە ناگات و هەڵوەستەدەکات و تێکەڵ بە ڤۆکابولەری و ڕستە و پەرەگرافەکان دەبێت و چێژی لێوەردەگرێت؟

3-کام لادان کاریگەری بەسەر ڕیتمەوە هەیە؟

4-چۆن فەرهەنگی زمانیی دەقەشیعرییەکە دەوڵەمەندکراوە؟

5- شاعیر چۆن داهێنانی لە سینتاکسدا کردوە؟

6-چۆن گۆڕان لە پەیوەندیی نێوان زمان و واتادا کراوە و ڤۆکابولەرییەکان واتای زیادەیان لێبارکراوە؟

7-بۆچی شاعیر چەندین ڤۆکابولەریی شێوەزار و زمانی بیانی بەکارهێناوە، هەروەها هەندێک وشەی بەکارهێناوە، کە ئێستا لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا بەکارنایەن؟

8-شاعیر کام شێواز و کام لادانی نوسینی بەکارهێناوە؟

9-بەکارهێنانی هێما چ پەیوەندییەکی بە واتای نائاساییەوە هەیە؟

10-بەکارهێنانی واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتی چییان بە دەقەشیعرییەکە بەخشیوە و بونەتە مایەی چی بۆ خوێنەر؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دو بەش پێکهاتوە. لە بەشی یەکەم لەژێر ناونیشانی (زمانی شیعر و لادان) دا، باسی لادانەکانی (فۆنۆلۆجی، لێکسیکی، ڕێزمانی، زاری و زمانی، واتایی، مێژویی، شێوازی و نوسینی) کراوە و پێنج لادانی سەرەتا بە ئامار ڕێژەکەیان دەرهێنراوە. بەشی دوەم بە ناونیشانی (پەیوەندیی واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتی بە لادان و ڕۆڵیان لە لێکدانەوەی شیعردا) یە. لە هەر کۆپلەشیعرێکدا، واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتی دیاریکراون.

## 1) بەشی یەکەم: زمانی شیعر و لادان

زمانی شیعر بە گشتی زمانێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و شاعیر بۆ گوزارشتکردن لە ناخ و ناوەوەی خۆی بەکاریدێنێت و کەرەستەیەکی گرنگی داهێنانە، چونکە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئەفراندن و جوانیی دەق دەبینێت

و ئەمەش لە شاعیرێک بۆ شاعیرێکی تر و لە بەرهەمێک بۆ بەرهەمێکی تر جیاوازە، چونکە هەر شاعیرە و سیمای تایبەتی خۆی و شێوازی زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیاوازە لە شاعیرێکی تر. لە زمانی شیعردا، هەندێک لە وشەکان تەنها واتای فەرهەنگی خۆیان نابەخشن، بەڵکو دەشێت واتای تر ببەخشن. زمانی شیعر دەوڵەمەندە بە هەست و سۆز و لەگەڵ ویژدانی تاکەکان دەئاخڤێت و وشە و گرێ و ڕستەی بارگاویکراو بە هەست و سۆز هەڵدەبژێرێت، تاکو کاریگەرییەکی پتەوی بۆ سەر خوێنەر هەبێت. (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2009 :137-138) زمانی شیعری زمانێکە دەربڕی دەرون و ناوەوەی شاعیرە و شاعیریش یەکێکە لە تاکەکانی کۆمەڵگە و کێشەکانی کۆمەڵگەش بە گشتی، کێشەی شاعیریشە وەکو تاکێک. شاعیر بە هۆی زمانەوە گوزارشت لە ناخی خۆی و کێشەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات. زمانی شیعر وەک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زانستەکان نییە، بەڵکو تایبەتمەندیی خۆی هەیە و تەواو ئاڵۆزە، چونکە کات، شوێن، ڕێزمان، واتاسازی و ڕێنوس سنوری بۆ ناکێشن. (محەمەد مەعروف فەتاح،2010 :401) لەنێو زمانی شیعردا، باسی لادانی زمانی دەکەین. لیچ و شۆرت پۆلێنبەندییان بۆ لادان کردوە و هەشت جۆر لادانیان دیاریکردوە، کە بریتین لە لادانی فۆنۆلۆجی، لادانی لێکسیکی، لادانی ڕێزمانی، لادانی زار و زمان، لادانی واتایی، لادانی مێژویی، لادانی شێوازی و لادانی نوسینی. دیاریکردنی جۆری لادان و دەرخستنی وادەکات، کە کردەی تێگەیشتن لە دەقی شیعری ئاسانتر بێتەکایەوە. شاعیران بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە شیعرەکەی پێ دەردەبڕن لەیەکترجیادەکرێنەوە. یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بەکارهێنانی لادانە. شارەزایی و بەهرەی شاعیر ڕۆڵێکی کارا لە بەکارهێنانی لادان دەبینێت، چونکە شاعیری بەتوانا دەتوانێت وشە و دەستەواژەو ڕستەکان لەو شوێنە دابنێ، کە مەبەستیەتی. شاعیر، کە لادان بەکاردەهێنێت، زمانەکەی وەکو زمانی ئاخێوەری ئاسایی نییە، بەڵکو بە بەزاندنی ڕێسازمانییەکان پێکهاتەی زمانیی نوێی وا دادەهێنێت، کە پێشتر نەبوە. داهێنانەکانیش لای هەمو شاعیران وەک یەک نین، بەڵکو هەریەکە و ڕادەی داهێنان و جۆری شێوازی جیاوازە. شێوازناسیش ڕەفتار لەگەڵ ئەمانە دەکات و لە لادانە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە و سودێکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە دەقە ئەدەبییەکان.(Short,1989:1) لادانی زمانی سەر بەشێوازناسییە و شێوازناسیش بوارێکی زمانەوانیی کارەکییە. شۆرت بۆچونی وایە، کە شێوازناسی ئەو شێوازەی زمانە، کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، لەلایەن کەسێکی دیاریکراو، ڕەنگە ئەو کەسە شاعیر بێت، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاریدەهێنێت. واتە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە. (Ibid:6) شرۆڤەی شێوازناسی وەکو ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لەو دەقانەی کە قورسن. (Ibid:10) ئەگەر ئەو دەقانەی لادانی زۆری تێدایە و تێگەیشتنیان سەختە، شیکارنەکرێ، ئەوا بە ئاسانی لە مەبەستیان ناگەیت، کەواتە دەشێت دەقێکی ئەدەبی لەڕوی زمانییەوە لێبکۆڵرێتەوە، چونکە شێوازناسی ماوەی نێوان دو سیستەمی زمان و ئەدەبە و دەرفەتێکە بۆ ناوەندگیریی دو بابەتی زمان و ئەدەب. (Widowson,1992:4) زمان لایەنێکی سەرەکیی دەقی ئەدەبییە، لەوانەش شیعر، بۆیە گرای پێیوایە زمانەوانیی ڕاستەقینە نیوەی ئەدەبە و ئەدەبی ڕاستەقینەش نیوەی زمانەوانییە. (Gray,1994:43) بە هۆی شێوازناسییەوە دەتوانرێت لایەنە جیاوازەکانی پێکهاتەی دەقی شیعری دیارییبکرێت، چونکە شێوازناسی شرۆڤەی دەقی ئەدەبی دەکات لەڕوی

پێکهاتەکانی ئاخاوتن، سینتاکس، لادان و ....تاد. شێوازناسی هۆکارێکە بۆ شرۆڤەکردنی چەمک و شێوازی زمانیی دەقی ئەدەبی، کەواتە شرۆڤەی نوێی شێوازناسی تەنها تایبەتمەندییەکانی زمان دیاریناکات، کەوا لە شیعر دەکات جیاوازتر لە دەقەکانی تر دەربکەوێت، بەڵکو شیعر وەک فۆرمێکی پڕ واتای گرنگ سەیردەکات، کە بە شێوەیەکی لێڵ پەیوەندییە ئاشکراکانی زمان و واتا دەگۆڕێت. (Brooks,1968:35) چەمکە زمانەوانییەکان هۆکارن بۆ تێگەیشتن لە بواری ئەدەب، لەنێویشدا شیعر. (Leech, Short1981:12)کەرەستەکانی زمان لەبەردەستی گشت شاعیرانن، بەڵام هەر شاعیرە و بە جۆرێک کەرەستەکان هەڵدەبژێرێت و دەیانخاتە تەکیەک و بە بەزاندنی ڕێساباوەکان، جۆرەها لادانیان پێ ئەنجامدەدات، ئەمەش لەسەر توانست و پاشخانی ئەو شاعیرە دەوەستێت، کە تا چەند دەتوانێت داهێنان و ئەفراندن بکات. لە ئەنجامدا، دەبێتە هۆی جیاوازیی شێوازی شاعیرەکە. (سیروس شمیسا، 1375: 29) زمانی شیعر بەردەوام خۆی نوێدەکاتەوە، چونکە دەربڕی ناخی مرۆڤە و لە توانایدایە گوزارشت لە گشت پرسەکانی ژیان بکات. پرسەکانی ژیانیش بە پێی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردادێت، بۆیە زمانی شیعریش بۆئەوەی دەربڕی ئەو بارە بێت، کە هاتوەتە پێشەوە، خۆی نوێدەکاتەوە. ئەم زمانە شیعرییەش بە بەراورد بە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، زمانێکی چڕ و سروشبەخشە. (سافیە محەمەد ئەحمەد، 2013 :9) زمانی شیعری وەکو زمانی ئاخاوتنی خەڵک نییە، چونکە شاعیر دەیەوێت لە ڕێگای لادانەوە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت. ئەمەش بە هۆی بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دەبێت. کەواتە شاعیر سیستەمی لادان پەیڕەودەکات و وشەی نوێباو دەخاتە نێو دەقەکەی کە لە باری ئاسایی بەدەرن و بەرزی و شکۆ بە دەقەکە دەبەخشن. (ئەرستۆ،83:2004) گشت بەکارهێنانێکی زمانی مرۆڤ ڕەسەنایەتی تێدایە، بەڵام ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسەنایەتی پێدرابێت، ئەوا شاعیر دو توانای پێدراوە، یەکێکیان گشتییە، کە توانای ڕەسانەیەتییە و لە گشت ئاخێوەرێکدا هەیە و لە پیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانی قسەکەردا دێت. ئەوی تریان توانای داهێنانە، کە بە زۆری لە شاعیراندا هەیە، ئەویش بە هۆی لادانی زمانییە، واتە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێت. (محەمەد مەعروف فەتاح، 2010 :403) تاکو شاعیریش لادان زیاتر بەکاربێنێت و تێیدا ڕۆبچێت، ئەوا داهێنانی زیاتری هێناوەتەئاراوە. بەم پێیە تێکشکاندن و بەزاندنی یاساکانی زمان، داهێنانە و وادەکات، کە خوێنەر چێژ لە دەقەکە وەربگرێت و بە ئاسانی بەسەریدا نەڕوات، چونکە بۆ لێکدانەوەی دەقەکە پێویستی بە دەوروبەری گوتنەکە هەیە، تاکو بتوانێت لە دەقەکە بگات. ئەگەر گوێگر توانای دۆزینەوەی دەوروبەری نەما، ئیتر شیعرەکە مەبەست و واتای خۆی وندەکات و لە شیعر دەکەوێت. (سەرچاوەی پێشو:408) کەواتە لادان دەرچونە لەو فۆرمە باوانەی کە خەڵک لە زمانی ئاسایی لەسەری ڕاهاتون، ئەمەش جوانی و داهێنان و ئەفراندن بە دەق دەبەخشێت و بە هۆیەوە خوێنەر تێکەڵی دەقەشیعرییەکە دەبێت. ئەم ئەفراندنەش لە دەقەشیعرییەکەی (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد) هەیە.[1]

## 1-1) لادانی فۆنۆلۆجی:

لادانی فۆنۆلۆجی بریتییە لە بەزاندنی یاســـا فۆنۆلۆجییەکانی زمانێکی دیاریکراو. لەو جۆرە لادانەدا یاســـا دەنگییەکان پێشـێلدەکرێن. واتە یاسـای خوێندنەوە، یان یاسـای ئەو دەنگانەی لە شـێوەی ئاسـایی زمانەکەدا هەن، پێشـــێلدەکرێن. (Leech,1969:46-47) شـــاعیر لەبەر کێش و ســـەروا و مۆســـیقا و ڕیتم ئەم جۆرە لادانە بەکاردێنێت (ســـافیە محەمەد ئەحمەد، 45:2013). ئەم لادانە لادانی دەنگ و بڕگە دەگرێتەوە. دەشـــێت دەنگێک، چەند دەنگێک، بڕگەیەک، یان زیاتر بکرتێنرێت، یان جێگۆڕکێیان پێبکرێت، یان زیادبکرێت. واتە شـــاعیر فۆڕمێک دادەهێنێت، کە لە زمانی ئاساییدا نییە. (کورش صفوی،47:1374)

پراکتیک: لە کۆپلەی چوارەمدا، فۆڕمی{دووای وەرزری قوڵنگ وەشـــاندن} و فۆڕمی {دووای ماندوبون} هەیە. لە زمانی ئاساییدا، وشەی{دوا} یەک واوە، بەڵام شاعیر یاساکەی بەزاندوە و کردویەتییە دو واو.

لە کۆپلەی نۆیەمدا، فۆڕمی{شیرین دەسڕی سەرچۆپی بۆ وەرزی هاتنم ئەگرێ} هەیە. شاعیر بۆ ئابوریکردن لە دەربڕیندا، بەپێی یاسای توانەوەی دەنگ، وشەی (دەستەسڕ) ی بۆ وشەی (دەسڕ) گۆڕیوە.

بەم پێیە سێ لادانی فۆنۆلۆجی لە دەقەشیعرییەکەدا هەن، کە دەکاتە1.11%.

## 1-2) لادانی لێکسیکی:

لەم جۆرە لادانەدا، شـاعیر وشــەی نوێباو دادەهێنێت و وشــەیەکی نوێ دادەتاشـێت، کە بە هیچ شـێوەیەک لە فەرهەنگی زمانەکەدا نادۆزرێتەوە. داهێنانی وشـــەی نوێباو بە یەکێک لەو ڕێگایانە دادەنرێت، کە شـــاعیران زیادەڕەوی تێدادەکەن. (Leech,1969:42-43) وشـــەی نوێباو، کە شـــاعیران دایدەهێنن، چەمکێکە بەهۆیەوە وشــەی نوێ ڕۆدەنرێت. ناســینەوەی ئەو چەمکە لەلایەن خوێنەرەوە دەبێتە هۆی تێگەیشــتن لە دەقی شــیعری. شاعیر لەم جۆرە لادانەدا، " بۆ پاراستنی وزە و لکاندنێکی توند و تۆڵ، یان لەبەر نەبونی هەندێ کەرەسەی ئامادە لە زمانەکەدا خۆی وشــە دادەتاشـێ. " (محەمەد مەعروف فەتاح، 2010: 410) شـاعیر بۆ ڕۆنانی وشــەی نوێباو زۆر جار یاساکانی وەک گیرەکدان و لێکدان و ...تاد بەکاردێنێت. (سەرچاوەی پێشو:410) بەم پێیە شاعیر خۆی وشەی نوێباو دادەهێنێت، کە لە ئاخاوتنی ئاسایی و باوی خەڵکدا بەکارنایەت. (ئەرستۆ، 2004: 79)

پراکتیک:

1- لە کۆپلەی دوەمدا، فۆڕمی{شار هەنسکێکی ماندوە، پەرێزێکی گڕ تێچوە} هەیە. کارەکە {گڕتێچون}ــــە، شاعیر وشەی نوێباوی ڕۆناوە، چونکە لە زمانی ئاسایی دەوترێت{گڕگرتن}.

2- لە کۆپلەی سـێیەمدا، فۆڕمی{لە هێلانەی پیرۆزەیی ئاسـمانی شـارا ئەخوێنم} هەیە. لە زمانی ئاسـاییدا، وشـەی {پیرۆزە}ــــــە هەیە، کە ناوی بەردێکی بەنرخە، بەڵام شـــاعیر وشـــەی نوێباوی داهێناوە و کردویەتیە ئاوەڵناوی {پیرۆزەیی}، کە بەم ڕێسایە ڕۆنراوە { ناوی (پیرۆزە)+ پاشگری (یی).

3- لە کۆپلەی سێیەمدا، فۆڕمی {فەرهاد کوژە} هەیە، کە شاعیر وشەی نوێباوی داهێناوە بە پێی یاسای {ناوی تایبەتی+ ڕەگ+ پاشگری- ە -} ڕۆنراوە و لە زمانی ئاساییدا، فۆڕمی {عاشق کوژە}ــــە هەیە، کە بە پێی یاسای {ناوی گشتی (عاشق)+ ڕەگ (کوژ) پاشگری- ە -} ڕۆنراوە.

4- لە کۆپلەی چوارەمدا، فۆڕمی{هەناسەکەم، کە ئەڕژێتە سەر ڕوی بێستون} هەیە. کارەکە {هەناسەڕژان}ــــە، شاعیر وشەی نوێباوی ڕۆناوە، چونکە لە زمانی ئاسایی دەوترێت{هەناسەبەرکەوتن}.

5- لە کۆپلەی چوارەمدا، فۆڕمی{لێوی تینوی دڵدارێکی لەیاربڕاو} هەیە. شـــاعیر وشـــەی نوێباوی ڕۆناوە، کە ئاوەڵناوی {لەیاربڕاو}ــــە و بەم ڕێسایە ڕۆنراوە{پێشگری (لە) + ناوی (یار)+ ئاوەڵناوی کراو (بڕاو)}. ئاوەڵناوی بڕاو لە چاوگی{بڕان} هاتوە. لە زمانی ئاساییدا دەوترێت {لەیاردابڕاو}، کە کە بەم ڕێسایە ڕۆنراوە{پێشگری (لە) + ناوی (یار)+ ئاوەڵناوی کراوی (دابڕاو)}. ئاوەڵناوی (دابڕاو) لە چاوگی{دابڕان} ەوە هاتوە.

6-لە کۆپلەی شەشەمدا، فۆڕمی{کێڵگەی وشک و شەرابردو هاوارئەکا} هەیە. شاعیر وشەی نوێباوی ڕۆناوە، کە ئاوەڵناوی {شەرابردو}ــــە و بەم ڕێسایە ڕۆنراوە{ناوی (شەرا) + ئاوەڵناوی کراو (بردو)}. ناوی(شەرا) لە وشەی عەرەبی (شرارة) هاتوە.

7-لە کۆپلەی حەوتەمدا، فۆڕمی{درەختی ڕەگ لەناو بەفرا داکوتاوم} هەیە. شـــاعیر گرێیەکی ناویی نوێباوی داهێناوە، کە (درەختی ڕەگ)ــە. لە زمانی ئاساییدا، (ڕەگی درەخت)ــە، چونکە لە گرێدا، لە بەش بۆ گشت دەچین، چونکە ڕەگ هی درەختە.

8-هەرلە کۆپلەی حەوتەمدا، فۆڕمی{درەختی ڕەگ لەناو بەفرا داکوتاوم}، شـــاعیر لە (داکوتاوم) وشـــەی نوێباوی داهێناوە، کە بەم ڕێسایە ڕۆنراوە{قەدی چاوگ (داکوتا) + پاشگری (و)}. لە زمانی ئاساییدا، وشەکە (داکوتراو)ــە، کە بەم یاسایە ڕۆنراوە: {ڕەگ (داکوت) + پاشگری (راو)}.

9- لە کۆپلەی هەشـــتەمدا، فۆڕمی (هەزاران هەزار مەرگەوەڕ بۆ زین و مەم بەخێوئەکەم) هەیە. شـــاعیر فۆڕمی باوی گۆڕیوە، کە (مەم و زین)ـە. (زین)ی هێناوەتە پێش و کردویەتی بە (زین و مەم).

10- لە کۆپلەی نۆیەمدا، فۆڕمی{شـــیرین دەســـڕی ســـەرچۆپی بۆ وەرزی هاتنم ئەگرێ} هەیە. شـــاعیر وشـــەی نوێباوی ڕۆناوە، کە ناوی {دەسڕ}ــــە و بەم ڕێسـایە ڕۆنراوە{ناوی (دەس) + ڕەگ (سـڕ)}. لە زمانی ئاسـاییدا دەوترێت{دەستەسڕ}، کە کە بەم ڕێسایە ڕۆنراوە{ناوی (دەست) + مۆرفیمی بەستن (ە)+ ڕەگ (سڕ)}. ڕەگی (سڕ) لە چاوگی (سڕین) ەوە هاتوە.

بەم پێیە لە دەقەکەدا، دە لادانی لێکسیکی هەیە، کە دەکاتە 5.64%.

## 1-3) لادانی ڕێزمانی:

لەم جۆرە لادانەدا، شـاعیر یاسـا ڕێزمانییەکان لە ئاسـتی سـەرەوەی زمان دەبەزێنێت. ئەم جۆرە لادانە"ڕوکەش و تەنکە و پەیوەندی بە ڕوخســارەوە هەیە و کار لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە ناکات و لەم ڕووەوە لە هەڵەی ڕێزمانی دەچن. "(محەمەد مەعروف فەتاح، 2010: 410)

### 1-3-1شوێنگۆڕینی ڕیزبەندیی کەرەستەکانی ڕستە

لەم جۆرە لادانەدا شـوێنی کەرەســتەکانی ڕســتە دەگۆڕدرێت. واتە ڕیزبەندی کەرەســتەکانی ڕســتە گۆڕانی بەســـەردادێت. ئەو گۆڕانەش، یان بۆ کێش، ســـەروا، مۆســـیقا و ڕیتمە، یان لەبەرگرنگیی کەرەســـتەکەیە. ئەو کەرەســـتەیەی جێگای بایەخە بەلوتکە دەکرێت و دەبرێتە پیشـــەوە، چونکە گوێگر ئەم زانیارییەی بەلاوە گرنگە. جاری وا هەیە ئەو زانیارییە مژدەبەخشە، یان ناخۆشە. (فاضل صالح السامرائي،2003 :508)

پراکتیک:

1-لە کۆپلەی یەکەمدا: بۆ شارێکی برسی و تینو

ئاو دەربێنە

بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەلوتکەکراوە، کە گرێی بەندی (بۆ شارێکی برسی و تینو)ە، ئەنجا گرێی ناویی (ئاو) هاتوە، کە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆیە. لە ڕسـتەی کار تێپەڕدا، ئەگەر بەرکاری ناڕاسـتەوخۆ لە ڕسـتەدا هەبێت، ئەوا لەدوای بەرکاری ڕاســتەوخۆ دێت. ئەمە لە کۆپلەی شـــەشـــەمیش دوبارەدەبێتەوە، لێرە باســـمانکرد، بۆیە لەوێ باسیناکەین. لە زمانی ئاساییدا، ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت: تۆ ئاو بۆ شارێکی برسی و تینو دەربێنە.

2-نیگاکانم سۆمایان داهاتوە

دیارخەر بە لوتکەکراوە، کە (نیگاکانم)ـــــە. لە بەلوتکەکردنی دیارخەر لە گرێی ناویدا، دیارخەر شــــوێنپێیەک بەجێدەهێڵێت، بۆیە (نیگاکان) جێناوی لکاوی (یان) ی لەسەر دیارخراو بەجێهێشتوە.

3-لە کۆپلەی شەشەمدا:بە چنگ و پەل تاشی گۆنای بێستون ئەڕنین

بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەلوتکەکراوە، کە (بە چنگ و پەل)ـــە، ڕستەکە لە زمانی ئاساییدا، بەم شێوەیەی لێدێت: تاشی گۆنای بێستون بە چنگ و پەل دەڕنین.

4-لە کۆپلەی حەوتەمدا: درەختی ڕەگ لەناو بەفرا داکوتاوم

دیارخەر بە لوتکەکراوە، کە (درەخت)ە، لەبنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیە: ڕەگی درەخت لەناو بەفرا داکوتاوم.

5 - لە کۆپلەی هەشتەمدا: لە ڕۆژنامەی سنگی پەڵە گەنمەکانا

وێنەی لەشکری کوڵلـەزەرد

ئەنەخشێنم

بەرکاری ناڕاســـتەوخۆ بەلوتکەکراوە، کە گرێی بەندی (لە ڕۆژنامەی ســـنگی پەڵەگەنمەکانا)یە، ئەنجا گرێی ناویی (وێنەی لەشـــکری کوڵلەزەرد) هاتوە، کە ئەرکی بەرکاری ڕاســـتەوخۆیە. لە ڕســـتەی کار تێپەڕدا، ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا هەبێت، ئەوا لەدوای بەرکاری ڕاستەوخۆ دێت. لە زمانی ئاساییدا، ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت: وێنەی لەشکری کوڵلـەزەرد لە ڕۆژنامەی سنگی پەڵەگەنمەکانا ئەنەخشێنم.

6- لە کۆپلەی هەشتەمدا: دڵخۆش مەبە

شاری ماندو

لە دێرەشـــیعرەکەدا، کارەکە (دڵخۆش مەبە) تێنەپەڕە. ئەگەر کاری ڕســـتەکە تێنەپەڕ بێت، ئەوا ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە بە شێوەی بکەر- کار دەبێت، بەڵام کار بەلوتکەکراوە، کە (دڵخۆش مەبە)یـــە، ئەنجا گرێی ناویی (شاری ماندو) هاتوە، کە بکەرە. شاعیر یاسای سینتاکسی بەزاندوە. ڕستەکە ڕستەیەکی فەرماندانە وکاری (دڵخۆش مەبە) بەلوتکەکراوە. لە زمانی ئاساییدا، ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت: شاری ماندو دڵخۆش مەبە.

7- لە کۆپلەی هەشتەمدا: دڵخۆش مەبن

مندالانی برسی و تینو

لە دێرەشیعرەکەدا، کاری (دڵخۆش مەبن) تێنەپەڕە. ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕ بێت، ئەوا ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە بە شێوەی بکەر - کار دەبێت، بەڵام کار بەلوتکەکراوە، کە (دڵخۆش مەبن)ـــە، ئەنجا گرێی ناویی فراوانکراو (منداڵانی برســی و تینو) هاتوە، کە ئەرکی بکەرە. شــاعیر یاســای ســینتاکســی بەزاندوە. ڕســتەکە ڕســتەیەکی فەرماندانە وکاری (دڵخۆش مەبە) بەلوتکەکراوە. لە زمانی ئاساییدا، ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت: منداڵانی برسی و تینو دڵخۆش مەبن.

8-کۆپلەی نۆیەم: کۆچی ماتم بە فرمێسک و زەردەخەنە

دەواری غەریبی ئەچنێ

شـــوێنی بەرکاری ناڕاســـتەوخۆ گۆڕراوە، کە گرێی بەندی (بە فرمێســـک و زەردەخەنە)یە، ئەنجا گرێی ناویی (دەواری غەریبی) هاتوە، کە ئەرکی بەرکاری ڕاســتەوخۆیە. لە ڕســتەی کار تێپەڕدا، ئەگەر بەرکاری ناڕاســتەوخۆ لە ڕستەدا هەبێت، ئەوا لەدوای بەرکاری ڕاستەوخۆ دێت. لە دەربڕینی ئاساییدا، ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت: کۆچی ماتم دەواری غەریبی بە فرمێسک و زەردەخەنە ئەچنێ.

بەم شێوەیە لە دەقەکەدا، هەشت جۆر لادانی شوێنگۆڕینی ڕیزبەندی کەرەستەکانی ڕستە هەیە.

## 2-3-1) کرتاندن:

کرتاندن بریتییە لە کرتاندنی کەرەســـتەیەکی ڕســـتە بە مەبەســـتی کورتبڕی و کەم بەکارهێنانی وزە و کات، بۆ ئەوەی کردەی ئاخاوتن بە ئاســانی بێتەکایەوە. کەرەســتە کرتێنراوەکە لە ڕۆنانی ســەرەوەیە و لە ڕۆنانی ژێرەوە بونی هەیە. (ســـامی محمد عبابنە، 202:2007) کرتاندن بریتییە لە لابردنی کەرەســـتەیەکی ڕســـتە بەبێ ئەوەی بوترێت، (ابراهیم منصور الترکی،1421هـــ :561) بەڵام خوێنەر، کە دەقەکە دەخوێنێتەوە، لێیتێدەگات. بەم پێیە لە دەقی شیعریدا گەلێک پۆلی ڕێزمانی بەر کرتاندن دەکەون. (بەکر عومەر عەلی، 1992: 59)

پراکتیک: کۆپلەی یەکەم: 1-قوڵنگەکەت بوەشێنە

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: تۆ قوڵنگەکەت بوەشێنە.

2-ئاو دەربێنە...گوڵ بڕوێنە

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە، هەروەها مۆرفیمی بەستن لەنێوان هەردو ڕستە سادەکەدا، کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: تۆ ئاو دەربێنە و گوڵ بڕوێنە.

کۆپلەی دوەم: 3-نیگاکانم سۆمایان داهاتوە
ڕوەو ڕێگای ئاڵی بەیان
تینی چاویان هەڵخستوە

- بکەر، کە (نیگاکانم)ــــە، لە ڕستەی دوەم کرتێنراوە، هەروەها مۆرفیمی بەستنی (و) لە دوای فۆرمی (داهاتوە) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: نیگاکانم سۆمایان داهاتوە و ڕوە و ڕێگای ئاڵی بەیان تینی چاویان هەڵخستوە.

3-ڕێبوارێکی پەک کەوتوە..

--بکەر، کە (شار)ە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: شار ڕێبوارێکی پەککەوتوە.

4-پەرێزێکی گڕ تێچوە

-بکەر، کە (شار)ە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: شار پەرێزێکی گڕ تێچوە.

5-نازدارێکە..دڵدارەکەی لەناو دورگەی
خۆشەویستیدا سوتاوە

-بکەر، کە (شار)ە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: شار نازدارێکە.. دڵدارەکەی لەناو دورگەی خۆشەویستیدا سوتاوە.

6-کونەیەکە مەلەوانەکەی خنکاوە

-بکەر، کە (شار)ــــە، کرتێنراوە، هەروەها مۆرفیمی بەستنی (و) لەدوای (کونەیەکە) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: شارکونەیەکە و مەلەوانەکەی خنکاوە.

کۆپلەی سێیەم: 7-کەڵەشێرێکی ناوەختم

-بکەر، کە (من)ە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لە پێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من کەڵەشێرێکی ناوەختم.

8-لە دەرگای ماڵەکانتانا ئەقوقێنم

-بکەر، کە (من)ە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من لە دەرگای ماڵەکانتانا ئەقوقێنم.

9-پەپویەکم

-بکەر، کە (من)ە، کرتێنراوە،هەروەها کاریش لە پێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من پەپویەکم.

10-لە هێلانەی پیرۆزەیی ئاسمانی شارا ئەخوێنم

-بکەر، کە (من)ە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من لە هێلانەی پیرۆزەیی ئاسمانی شارا ئەخوێنم.

11-ڕێچکەی ڕەشی زۆنگاوم

-بکەر، کە (من)ە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لە پێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

من ڕێچکەی ڕەشی زۆنگاوم.

12-لە گەردنی سپی شارام

-بکەر، کە (من)ــــە، کرتێنراوە و مۆرفیمی دانەپاڵی (ی) ش لەدوای فۆرمی (سپی) کرتێنراوە، هەروەها کاریش لە پێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من لە گەردنی سپیی شارام.

13-گرمەی سوری کرێوەم و لە چاوی سەوزی بەهارام

-بکەر، کە (من)ــــە، کرتێنراوە،هەروەها کاریش لە پێش هەردو کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من گرمەی سوری کرێوەم و لە چاوی سەوزی بەهارام.

14-فەرهاد کوژەم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە،هەروەها کاریش لە پێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من فەرهاد کوژەم.

15-گوڵ ناڕوێ..ئاو دەرنایە

-مۆرفیمی بەستنی (و) لەنێوان دو ڕستە سادەکە کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: گوڵ ناڕوێ و ئاو دەرنایە.

کۆپلەی چوارەم: 16-وێنەکانم..کانیاوی تازە تەقیون

-کار لەپێش کلیتیکی (ن) کرتێنراوە.

17-ڕوناکەنە ڕوبارە مەنگ و تەڵخەکان

-بکەر، کە (وێنەکانم)ــــە، کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: وێنەکانم ڕوناکەنە ڕوبارە مەنگ و تەڵخەکان.

18-ڕوبارەکان شوشەی پەنجەرەی بەر گڕەی

هاوینێکن.

-کار لەپێش کلیتیکی کلیتیکی (ن) کرتێنراوە.

19-وێنەکانم..تارمایی ڕەشی گومانن

-کار لەپێش کلیتیکی (ن) کرتێنراوە.

20-لە دەرونی دڵدارەکاندا هەڵئەکەن

-بکەر، کە (وێنەکانم)ـە، کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

وێنەکانم لە دەرونی دڵدارەکاندا هەڵئەکەن.

21-باڵ دائەدەن..

-بکەر، کە (وێنەکانم)ـە، کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: وێنەکانم باڵدائەدەن.

22-نزا و تکای نەبیستراوی سواڵکەرەکانی

ناو شارن

-بکەر، کە (وێنەکانم)ــــــە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (ن) کرتێنراوە. لە بنچینەدا ڕســــتەکە بەم شێوەیەیە: وێنەکانم نزا و تکای نەبیستراوی سواڵکەرەکانی ناو شارن.

23-لە برسانا

لە تینوانا..هەمو شەوێ دەهەزار جار

لە قاپیی دادی خوا ئەدەن

-مۆرفیمی بەســــتنی (و) لەدوای فۆڕمی (لەبرســـــانا) کرتێنراوە، هەروەها بکەر (وێنەکانم) لەپێش فۆڕمی (هەمو) کرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕســتەکە بەم شــێوەیەیە: لە برســانا ولە تینوانا وێنەکانم هەمو شــەوێ دەهەزار جار لە قاپیی دادی خوا ئەدەن.

24-وێنەکانم گۆرانییەکەی (پۆل ڕۆپسن)ن

-کار لەپێش کلیتیکی (ن) کرتێنراوە.

25-هەنگاوی دەنگ بەسەر هەمو سنورێکی

دورا ئەنێن..

-بکەر، کە (وێنەکانم)ــــە، کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: وێنەکانم هەنگاوی دەنگ بەسەر هەمو سنورێکی دورا ئەنێن.

26-لە جەنگەڵی گیانی شەوا گوڵی پشکۆن

-بکەر، کە (وێنەکانم)ـە، کرتێنراوە و هەروەها کاریش لەپێش هەردو کلیتیکی (ن) کرتێنراون و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: وێنەکانم لە جەنگەڵی گیانی شەوا گوڵی پشکۆن و ئەسوتێن.

27-ڕوبارێکە..ئەڕژێتە دەشتی تینویەتیی ئەم دنیاوە

-بکەر، کە (وێنەکەی من)ــــــە، کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕســــتەکە بەم شــێوەیەیە: وێنەکەی من ڕوبارێکە..ئەڕژێتە دەشتی تینویەتیی ئەم دنیاوە.

کۆپلەی پێنجەم: 28-سەرەڕمێکی ژەنگاویم

-بکەر، کە (من)ــە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من سەرەڕمێکی ژەنگاویم.

29-سینەی سپیی بێچوەقومری

دڵی گەشی ساواکانتان بە خوێنی ئاڵ ئەنەخشێنم

بکەر، کە (من)ــە کرتێنراوە، هەروەها مۆرفیمی بەستنی (و) لەدوای فۆڕمی (بێچوەقومری) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من سینەی سپیی بێچوەقومری و دڵی گەشی ساواکانتان بە خوێنی ئاڵ ئەنەخشێنم.

30-بروسکەی هەواڵی مەرگی

فەرهادی تاقانەتانم

بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

-من بروسکەی هەواڵی مەرگی فەرهادی تاقانەتانم.

31-دڵی دایکی خەوی شەوتان ئەشێوێنم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من دڵی دایکی خەوی شەوتان ئەشێوێنم.

32-کە پڕمانم گەرای مەرگ و ڕشانەوە

لە ناو شارا ئەبارێنم

-بکەر، کە (من)ــــە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من، کە پڕمانم گەرای مەرگ و ڕشانەوە لە ناو شارا ئەبارێنم.

33-وشکیئەکەم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من وشکیئەکەم.

34-ڕوباری خوێن

بە ڕوتانا..بە دڵتانا ئەپرژێنم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، هەروەها مۆرفیمی بەستنی (و) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

من ڕوباری خوێن بە ڕوتانا و بە دڵتانا ئەپرژێنم.

35-لە کاسەی سەر ملوانکەیەک

بۆ گەردنی شارەکەتان ئەهۆنمەوە

-بکەر، کە (من)ــــە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من لە کاسەی سەر ملوانکەیەک بۆ گەردنی شارەکەتان ئەهۆنمەوە.

36-جۆگەی خوێنی دڵی فەرهاد ئەخۆمەوە

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من جۆگەی خوێنی دڵی فەرهاد ئەخۆمەوە.

37- فەرهادکوژەم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

من فەرهادکوژەم.

کۆپلەی شەشەم: 38-بە مەرگ پردێ بۆ پێشوازیی

هاتنی فەرهاد ئەبەستین

-بکەر، کە (ئێمە) یە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: ئێمە بە مەرگ پردێ بۆ پێشوازیی هاتنی فەرهاد ئەبەستین.

39-بە چنگ و پەل تاشی گۆنای

بێستون ئەڕنین

-بکەر، کە (ئێمە) یە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: ئێمە بە چنگ و پەل تاشی گۆنای بێستون ئەڕنین.

40-قوڵنگەکەت بوەشێنە

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: تۆ قوڵنگەکەت بوەشێنە.

41-ئاو دەربێنە..گوڵ بڕوێنە

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە، هەروەها مۆڕفیمی بەستنی (و) لەنێوان دو ڕستە سادەکە کرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: تۆ ئاو دەربێنە و گوڵ بڕوێنە.

کۆپلەی حەوتەم: 42-گوڵێکی هەڵپڕوکاوم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من گوڵێکی هەڵپڕوکاوم.

43-مەلێکی بێ دان و ئاوم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من مەلێکی بێ دان و ئاوم.

44-دیلکراوم.

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من دیلکراوم.

45-بە گۆی مەمکی تینویەتی شار

گۆشکراوم..

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، مۆڕفیمی دانەپاڵی (ی) لەدوای فۆڕمی (تینویەتی) کرتێنراوە، هەروەها کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من بە گۆی مەمکی تینویەتیی شار گۆشکراوم.

46-درەختی ڕەگ لەناو بەفرا داکوتاوم

-بکەر، کە (من)ـــــــە، کرتێنراوە و کلیتیکی (م) یش لەدوای فۆڕمی (ڕەگ) کرتێنراوە، کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە هەروەها مۆڕفیمی بەستنی (و) لەدوای فۆڕمی (ڕەگ) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من درەختی ڕەگم و لەناو بەفرا داکوتراوم.

47-چڵەکانم شەختە و زوقمن

لە لانەی هوزاری خەم و تەما نوقمن

- کار لەپێش کلیتیکی (ن) ی دوای فۆڕمی (زوقم) کرتێنراوە و مۆڕفیمی بەســـتنی (و) لەدوای (زوقمن) کرتێنراوە، هەروەها کار لەپێش کلیتیکی (ن) ی دوای فۆڕمی (نوقم) کرتێنراوە و لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

چڵەکانم شەختە و زوقمن و لە لانەی هوزاری خەم و تەما نوقمن.

48-کەی گوڵی سور، لە دەم لوتکەی چیای زستانا ئەڕوێنی؟!

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

تۆ کەی گوڵی سور، لە دەم لوتکەی چیای زستانا ئەڕوێنی؟!

49-کەی خۆری سور لە وڵاتی ئاوارەکان

بەسەر سەر و شان ئەهێنی؟!

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: تۆ کەی خۆری سور لە وڵاتی ئاوارەکان بەسەر سەر و شان ئەهێنی؟!

50-تەمی خەستی گلێنەمان بڕەوێنە

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: تۆ تەمی خەستی گلێنەمان بڕەوێنە.

51-قوڵنگەکەت بوەشێنە

تاوێری بێستون بڕمێنە

-بکەر، کە (تۆ) یە، کرتێنراوە و مۆرفیمی بەستنی (و) لەنێوان دو ڕستەکەدا کرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: تۆ قوڵنگەکەت بوەشێنە و تاوێری بێستون بڕمێنە.

کۆپلەی هەشتەم: 52-پەردەی بوک و زاواکانتان

ئەکەم بە چاڵ

بۆ مەرگێکی ناکاو و تاڵ

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من پەردەی بوک و زاواکانتان ئەکەم بە چاڵ بۆ مەرگێکی ناکاو و تاڵ.

53-دەس و پەنجەی ساوایانتان

ئەگرمە خوێنی گەش و ئاڵ

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من دەس و پەنجەی ساوایانتان ئەگرمە خوێنی گەش و ئاڵ.

54-من مەنجەنیقێ دائەخەم، فەرهادی تیا ئەسوتێنم

بە سوتوەکەی لێوی شیرین ئەنەخشێنم

-مۆرفیمی بەستنی (و) لەنێوان دو ڕستەکەدا کرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

من مەنجەنیقێ دائەخەم، فەرهادی تیا ئەسوتێنم و بە سوتوەکەی لێوی شیرین ئەنەخشێنم.

55-لە ڕۆژنامەی سنگی پەڵە گەنمەکانا

وێنەی لەشکری کوللەزەرد ئەنەخشێنم

-بکەر، کە (من)ـــە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من لە ڕۆژنامەی سنگی پەڵە گەنمەکانا وێنەی لەشکری کوللەزەرد ئەنەخشێنم.

56-هەواڵی مەرگ و گرانی بە گوێتانا ئەچرپێنم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من هەواڵی مەرگ و گرانی بە گوێتانا ئەچرپێنم.

57-هەورم و لە سینگی با دام

-بکەر، کە (من)ـــە، کرتێنراوە و کاریش لەپێش هەردو کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من هەورم و لە سینگی با دام.

58-ئاوی تەقیوی ناو بێستون ئەفڕێنم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من ئاوی تەقیوی ناو بێستون ئەفڕێنم.

59-ڕەهێڵەی خەم بەسەرتانا ئەبارێنم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من ڕەهێڵەی خەم بەسەرتانا ئەبارێنم.

60-دڕکی فەرهاد و شیرینم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە و کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من دڕکی فەرهاد و شیرینم.

61-تەرزەی ناوەختی بەهارم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە و کاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من تەرزەی ناوەختی بەهارم.

62-سون و کوللەم
دوژمنی خوێنەخۆی خەلەم

-بکەر، کە (من)ـە، کرتێنراوە و کاریش لەپێش هەردو کلیتیکی (م) کرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من سون و کوللەم و دوژمنی خوێنەخۆی خەلەم.

63-لە زۆنگاوی پیسی مەمەم
هەزاران هەزار مەرگەوەڕ بۆ زین و مەم
بەخێوئەکەم..

-بکەر، کە (من)ـــە، کرتێنراوە وکاریش لەپێش کلیتیکی (م) کرتێنراوە، هەروەها مۆرفیمی بەستنی (و) لەنێوان دو ڕستەکە کرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەکە بەم شێوەیەیە: من لە زۆنگاوی پیسی مەمەم و هەزاران هەزار مەرگەوەڕ بۆ زین و مەم بەخێوئەکەم.

64-گوڵ ناڕوێ.. ئاو دەرنایە

مۆرفیمی بەستنی (و) لەنێوان دو ڕستەكە كرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەكە بەم شێوەیەیە: گوڵ ناڕوێ و ئاو دەرنایە.

كۆپلەی نۆیەم: 65- من كۆچەرییەكم

-كار لەپێش كلیتیكی (م) كرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەكە بەم شێوەیەیە: من كۆچەرییەكم.

66-ئەو كاروانییەم لە هەزارو یەک ملەدا

هەوری ڕەشی داوی ڕێگر

بارنی مەرگ بەسەر سەرما ئەبارێنێ

-بكەر، كە (من)ە، كرتێنراوە وكاریش لەپێش كلیتیكی (م) كرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەكە بەم شێوەیەیە:

من ئەو كاروانییەم لە هەزارو یەک ملەدا، هەوری ڕەشی داوی ڕێگر، بارنی مەرگ بەسەر سەرما ئەبارێنێ.

67-دیوانەم و كەشكۆڵەكەم خەمی تیایە

-بكەر، كە (من)ە، كرتێنراوە، كاریش لەپێش كلیتیكی(م) كرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەكە بەم شێوەیەیە:

من دیوانەم و كەشكۆڵەكەم خەمی تیایە.

68-بارانم و چاوەكانم لێزمەی تیایە.

-بكەر، كە (من)ە، كرتێنراوە، كاریش لەپێش كلیتیكی (م) كرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەكە بەم شێوەیەیە:

من بارنم و چاوەكانم لێزمەی تیایە.

69-پۆستەبەرم و ناو جانتاكەم

نامەی زەرد و سوری تیایە

-بكەر، كە (من)ە، كرتێنراوە، كاریش لەپێش كلیتیكی(م) كرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەكە بەم شێوەیەیە:

من پۆستەبەرم و ناو جانتاكەم نامەی زەرد و سوری تیایە.

70-زرمە و تەقەی شۆڕەسواری خۆرلەچاومان

بەری بەرزی ئاسمان ئەگرێ

-مۆڕیمی دانەپاڵی (ی) لەدوای فۆڕمی (بەرز) كرتێنراوە و لە بنچینەدا، ڕستەكە بەم شێوەیەیە:

زرمە و تەقەی شۆڕەسواری خۆرلەچاومان

بەری بەرزیی ئاسمان ئەگرێ.

بەم پێیە حەفتا لادان لە جۆری كرتاندن هەیە، كەواتە بە هەردو جۆری لادانی ڕێزمانی حەفتاوهەشت لادانی ڕێزمانی هەیە، كە دەكاتە. 44.06%.

## 1-4) لادانی زاری و زمانی:

لادانی زاری بریتییە لەوەی كە شاعیر دەتوانێت چەندین ڤۆكابولەری و دەربڕینی سەر بە زارێک، یان شێوەزارێكی زمانەكەی بەكاربێنێت، (Leech,1969:42-43) بەڵام لادانی زمانی ئەوەیە، كە شاعیر لەنێو خودی

شـــیعرەکەیدا وشـــەی زمانی تر بەکاردێنێت. بەکارهێنانی ڤۆکابولەری و دەربڕینی زار و زمانی تر لەلایەن شاعیرەوە بۆ دەرخستنی توانای شاعیر، یان جوانکردن و ڕازاندنەوە، یان بەردەستنەکەوتنی وشـەیە. (محەمەد مەعروف فەتاح، 2010 : 413) یان لەبەر سـەروا، کێش، ڕیتم و مۆسـیقایە. ئەنوەر محەمەد قادری شـاعیر ڤۆکابولەری و دەربڕینی شـێوەزاری سـلێمانی و زمانی بیانی بەکارهێناوە. هەروەها هەندێک وشـەی لێکدراوی بەکارهێناوە، کە کەرتێکی کوردییە و ئەوی تری بیانییە.

پراکتیک:

شاعیر ڤۆکابولەریی شێوەزاری سلێمانی بەکارهێناوە، کە بریتین لە:

1-کونەیەکە :کوندەیەکە2- دائەخەم: دروستدەکەم3- خەلە: خەرمان4- مەمە: مەمک5- قاپی: دەرگا

6- دەس:دەست7- تیا:تێدا8 - زامار: زامدار.

شاعیر ڤۆکابولەری و دەربڕینی زمانی بیانی بەکارهێناوە، کە بریتین لە:

1-کۆرس:وشـەیەکی ئینگلیزییە و ناوێکی کۆمەڵە.2- دنیا: وشـەیەکی عەرەبییە، واتا جیهان.3- پۆسـتەچی: پۆست وشەیەکی ئینگلیزییە و پاشگری (چی) کوردیی خراوەتەسەر.4- شاباش: (شا) وشەیەکی فارسییە بە واتای پاشا دێت و لەگەڵ وشەی (باش) ی کوردی وشەیەکی لێکدراویان پێکهێناوە.5- سواڵکەر: دەرۆزەکەر(وشەی سواڵ) لە وشـەی (سـؤال) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.6- شـەرابردو: ئەو کێڵگەیەی بایەکی گەرم لێیدابێت و میوەکەی وشککردبێت. وشەی (شەرا) لە وشەی (شرارة) ی عەرەبییەوە هاتوە، بە واتای پریشکەی ئاگر دێت.7- غەریبی: (غەریب) وشەیەکی عەرەبییە، واتا نامۆ، (غەریبی ) واتا نامۆیی.

بەم پێیە لە دەقەکەدا، هەشت لادانی زار و حەوت لادانی زمانی بیانی بەکارهێناوە، کە بە هەردوکیان دەکاتە پازدە، بە ڕێژەی 8.47%.

## 1-5) لادانی واتایی:

لادانی واتایی ئاستێکی لادانە لە زماندا، لە ڕێگەی وشە، گرێ و ڕستەکاندا لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا ڕودەدات. (short,1996:43). لە لادانی واتاییدا، پەیوەندییە واتاییەکان بە شێوەی نالۆجیکی پێکەوە گرێدراون.

نالۆجیکی لە لادانی واتاییدا بریتییە لە نادروسـتی لێکدانەکان لە ڕوی ڕێزمان و واتاوە. (محەمەد مەعروف فەتاح،2010: 418) واتە پەیوەندیی واتایی لە نێوان ناو و ناولێنراو نامێنێت. (سـتیفن اولمان،1986:112) بەم پێیە لادانی واتایی هەر یەک لە هەڵئاوسانی واتایی، پاڕادۆکس و دانەپاڵی سیما دەگرێتەوە. واتە لە لادانی واتاییدا، شاعیر لە بەکارهێنانی باو لادەدات و ڕێسا زمانییەکان دەبەزێنێت، بەم پێیەش داهێنان دێنێتەکایەوە. (عەبدولواحید مشـیر دزەیی، 2009: 39) لەم سـۆنگەیەوە لە لادانی واتاییدا، زمان لە دیوی ناوەوە تێکدەدرێت، لەم بارەشـدا ئەرکی وەرگر قورسـدەکات و دەبێت زۆر بە وردی لە شـیعرەکە ڕابمێنێت و هەڵوەسـتەی لەسـەربکات، تاکو لە مەبەسـتی شـاعیرەکە بگات، (محەمەد مەعروف فەتاح، 2010 :418) چونکە لادانی واتایی لادانە لەو پێوەرانەی

بەیەکەوەهاتنی لێکسیکەکان دیاریدەکات. (دلێر سادق کانەبی، 2009 :40) کەواتە لە لادانی واتاییدا، زمانی شاعیر بە بەراورد بە زمانی ئاسایی خەڵک، زمانێکی بەرز و ناوازەیە.

### 1-5-1) هەڵئاوسانی واتایی:

بریتییە لە بەکارهێنانی دو ڤۆکابولەریی هاوواتا، یان زیاتر بۆ کەرەســـتەیەک، یان ئەو ڤۆکابولەرییانەی یەک سیمای واتاییان هەیە، کەچی ئەم بەکارهێنانە پێویست نییە. ئەمەش بەپێی یاسای دیاریکردنی کەرەستەکان لادانی واتاییە. (جان کوهن، 1986 :134-135)

پراکتیک: ڕووباری ئاو زۆر ستەمە

بەناو چەمی وشکی شارا تێبپەڕێ

بەم پێیە یەک هەڵئاوسانی واتایی لە دەقە شیعرییەکەدا هەیە.

### 2-5-1) پاڕادۆکس:

بریتییە لەوەی کە دو ڤۆکابولەری، یان دو دەستەواژە لە هەندێک سیمادا دژ بە یەکتر دەوەستن. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2009 :76)

پراکتیک:1- کۆچی ماتم بە فرمێسک و زەردەخەنە

دەواری غەریبی ئەچنێ

لە دەقەکەدا یەک پارادۆکس هەیە.

### 3-5-1) دانەپاڵی سیما:

بریتییە لەوەی کە سیمایەک، یان چەند سیمایەک دەدرێتە پاڵ کەرەستەیەک، کە لە ڕاستیدا ئەم کەرەستەیە ئەو سـیمایانەی نییە. (عەبدولسـەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا،2009:151) واتە کەرەسـتە و سـیماکە یەکتر ڕەتدەکەنەوە. دانەپاڵی سـیماش چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە بە مرۆڤکردن، بە ئاژەڵکردن، بە ڕووەککردن، بە تەنکردن، بە ئەبستراککردن، ڕەنگپێدان، هەستگۆڕکێ، بە ڕەوانکردن.

پراکتیک:

### 1-3-5-1) بە مرۆڤکردن:

بریتییە لە پێدانی سیمای (+ مرۆڤ) بە (- مرۆڤ)، واتە پێدانی سیما و تایبەتمەندی مرۆڤ بە نازیندوەکان.

1- لە دڵی ڕەقی بێستونا

چیای بێستون بە مرۆڤکراوە، کە وەکو مرۆڤ دڵی هەیە و دڵەکەشی هی مرۆڤێکی خراپە، چونکە دڵڕەقە.

2-بۆ شارێکی برسی و تینو 3-بۆ هاتنت شار برسییە.4-شار تینوە.5-شار هەنگاوی بەرەو ژورکەی6-شار ڕێبوارێکی پەککەوتوە.7-شار هەنسکێکی ماندوە. 8-گەروی ئەم شارە داماوە.9- لە گەردنی سپی شارام.

10- هەناسەکەم کە ئەڕژێتە سەر ڕوی بێستون. 11- پەنجەی مەرگ و خۆشەویستی نەخش ئەکا.

12- وێنەکانم بە فرمێسکی تاڵی هەوری هەمو ئاسمانێ کێشراون. 13 – وێنەکانم کانیاوی تازە تەقیون ڕوناکەنە ڕوبارە مەنگ و تەڵخەکان. 14-وێنەکانم نزاو تکای نەبیستراوی سواڵکەرەکانی ناوشارن.15- هەنگاوی دەنگ بەسەر هەمو سنورێکی دورا ئەنێن16- لە جەنگەڵی گیانی شەوا گوڵی پشکۆن و ئەسوتێن.17- دڵی دایکی خەوی شەوتان ئەشێوێنم. 18-لە کاسەی سەر ملوانکەیەک بۆ گەردنی شارەکەتان ئەهۆنمەوە. 19- جۆگەی خوێنی دڵی فەرهاد ئەخۆمەوە. 20-گوڵیش ئەمرێ. 21- بە چنگ و پەل تاشی گۆنای بێستون ئەڕنین.
22-کێڵگەی وشک و شەرابردو هاوارئەکا. 23-بە گۆی مەمکی تینویەتی شار گوشکراوم.24- کەی خۆری سور لە وڵاتی ئاوارەکان بەسەر سەر و شان ئەهێنێ؟! 25-کانیاوی ڕون لچ لە مەلە زامارەکان ئەقورچێنێ. 26-لە ڕۆژنامەی سنگی پەڵە گەنمەکانا 27-وێنەی لەشکری کوللەزەرد ئەنەخشێنم 28-هەورم و لە سینگی با دام
29-دڵخۆش مەبە شاری ماندو! 30-مەمکی کاڵی بەهار ئەڕنێ 31-دێوانەم و کەشکۆڵەکەم خەمی تیایە.
32-لاوکی سور سنگی کێی چیاکانمان ئەهەژێنێ 33-باخی زری لێوی زەردی مناڵەکان. 34- ڕوباری ئاو بۆ گەروی شار ڕێگا ئەگرێ. 35- گیانی تینوی ڕەشبەڵەکمان ئاگر ئەگرێ. 36- زرمە و تەقەی شۆڕەسواری خۆر لە چاومان بەری بەرزی ئاسمان ئەگرێ. 37-شاباشی خوێن بۆ مەرگی شەو فڕێ ئەدرێ.
بەم پێیە سی و حەوت بەمرۆڤکردن لە دەقەشیعرییەکەدا هەیە.

**1-5-3-2) بە ئاژەڵکردن:**

بریتییە لە پێدانی سیمای (+ ئاژەڵ) بە (- ئاژەڵ).

1-کەڵەشێرێکی ناوەختم

لە دەرگای ماڵەکانتانا ئەقوقێنم

شاعیر،کە مرۆڤە بە ئاژەڵ کراوە، کە کەڵەشێرە.

2-پەپویەکم 3-وێنەکانم..تارمایی ڕەشی گومانن

لە دەرونی دڵدارەکاندا هەڵئەکەن

باڵ دائەدەن.. 4-مەلێکی بێ دان و ئاوم5-سون و کوللەم

لە دەقە شیعرییەکەدا پێنج بە ئاژەڵکردن هەیە.

**1-5-3-3) بە ڕوەککردن:**

بە ڕوەککردن بریتییە لە پێدانی سیمای (+ ڕوەک) بە (- ڕوەک).

1-گوڵێکی هەڵپروکاوم

شاعیر، کە مرۆڤە بە گوڵکراوە.

2-درەختێ ڕەگ لەناو بەفرا داکوتاوم3-دڕکی فەرهاد و شیرینم

سێ بەڕوەککردن لە دەقەشیعرییەکەدا هەیە.

**1-5-3-4) بەتەنکردن:**

بریتییە لە پێدانی سیمای (+ بەرهەست) بە کەرەستەیەک، کە خاوەنی سیمای (+ واتایی) یە.

1-نازدارێکە..دڵدارەکەی لەناو دورگەی

خۆشەویستیدا سوتاوە

خۆشەویستی کە کەرەستەیەکی واتاییە، دورگەی دراوەتەپاڵ، کە خاوەنی سیمای(+ بەرهەست)ـە.

2-پەنجەی مەرگ و خۆشەویستی نەخش ئەکا 3-لافاوی خەم4- خۆشەویستیی تیا هەڵساوە5-کە پڕمانم گەرای مەرگ و ڕشانەوە بەناو شارا ئەبارێنم 6-بە مەرگ پردێ بۆ پێشوازی

هاتنی فەرهاد ئەبەســـتین7-لە لانەی هوزاری خەم و تەما نوقمن8-ڕەهێڵەی خەم بەســـەرتانا ئەبارێنم9-دەواری غەریبی ئەچنێ10-بارانی مەرگ بەسەر سەرما ئەبارێنێ11-مردن ئەمرێ..گیانی تینوی ڕەشبەڵەکمان

ئاگر ئەگرێ. 12-شاباشی خوێن بۆ مەرگی شەو فڕێ ئەدرێ.

لە دەقە شیعرییەکەدا دوازدە بەتەنکردن هەن.

**1-5-3-5) بەئەبستڕاککردن:**

بریتییە لە پێدانی سیمای (+ ئەبستڕاکت) بە (- ئەبستڕاکت).

1-وێنەکانم..تارمایی ڕەشی گومانن

وێنەکان تایبەتمەندی بەرهەستیان هەیە و بە ئەبسڕاکتکراون، کە تارمایی ڕەشی گومانن.

2-دیوانەم و کەشکۆڵەکەم خەمی تیایە3-ئەشکەوتی قوڵ نرکەی گیانت ئەتاسێنێ

سێ بە ئەبستڕاککردن لە دەقەکەدا هەیە.

## 1-5-3-6) ڕەنگپێدان:

بریتییە لەپێدانی ڕەنگێک بە کەرەستەیەک، کە ئەمە ڕەنگی خۆی نییە، یان پێدانی ڕەنگ بە وشەیەکی واتایی.

1- ڕێچکەی ڕەشی زۆنگاوم

ڕێچکە ڕەنگی نییە، شاعیر ڕەنگی ڕەشی پێداوە.

2-گرمەی سوری کڕیوەم 3-لاوکی سور سنگی کچی چیاکانمان ئەهەژێنێ.

لە دەقە شیعرییەکەدا، سێ ڕەنگپێدان هەیە.

## 5-2-3-7) هەستگۆڕکێ:

بریتییە لەوەی کە هەستێک دەدەیتە کەرەستەیەک، کە هی ئەو نییە.

1-وێنەکانم ..بە فرمێسکی تاڵی هەوری هەمو

ئاسمانێ کێشراون

تامی تاڵ دراوەتە پاڵ فرمێسک، لە کاتێکدا فرمێسک ئەو تامەی نییە.

2-نزا و تکای نەبیستراوی سواڵکەرەکانی ناو شارن

لە دەقەکەدا، دو هەستگۆڕکێ هەیە.

**8-3-5-1) بەڕەوانکردن:**

بریتییە لە پێدانی سیمای (+ ڕەوانی) بە کەرەستەیەک، کە خاوەنی سیمای (- ڕەوانی) یە.

1- وێنەکانم..وەک ڕوباری ئەو چاوانەت

لافاوی خەم، خۆشەویستیی تیا هەڵساوە

وێنەکان بە ڕوبارکراون، کە ڕوبار سیمای ڕەوانی تێدایە.

2-وێنەکانم..کانیاوی تازە تەقیون3-وێنەکەی من، بە خامەی قوڵنگ کێشراوە

ڕوبارێکە..ئەڕژێتە دەشتی تینویەتیی ئەم دنیاوە

4-بارانم و چاوەکانم لێزمەی تیایە

لە دەقە شیعرییەکەدا، چوار بەڕەوانیکردن هەیە.

لە کۆی هەر هەشت جۆرەکەدا، شەست و نۆ دانەپاڵی سیما هەیە.

بەم پێیە بە هەڵئاوسانی واتایی، پارادۆکس و دانەپاڵی سیمادا، حەفتاو یەک لادانی واتایی هەیە، کە دەکاتە 40.11%.

**6-1) لادانی مێژویی:**

ئەو لادانەیە، کە شاعیر ئەوڤۆکابولەرییانە بەکاردەهێنێتەوە، کە لە سەردەمێکی مێژویی بەکارهاتون و ئێستا لەنێو زمانی خەڵکیدا بەکارنایەن. شاعیر ئەم وشانە لە شوێنی گونجاوی خۆی بەکاردەهێنێت و خوێنەری پێ ئاشنادەکاتەوە. (صالح ملا عزیز،2010 :145) لە دەقەشیعرییەکەدا، هەندێک لادانی مێژویی بەکارهاتون و جوانیی بە شێوازی شیعرەکە بەخشیوە. شاعیر وشەکانی (مەنجەنیق، شاباش) ی بەکارهێناوە.

**7-1) لادانی شێوازی:**

لادانی شێوازی لادانێکی کەسییە و ڕێگای تایبەتیی نوسینی شاعیرێکە. (جون کوین،2000 :36) بەپێی بۆچونی مارتن جوز پێنج جۆر شێواز هەیە، کە بریتین لە شێوازی وشک، شێوازی فەرمی، شێوازی ڕاوێژکاری، شێوازی نافەرمی، یان ئاسایی و شێوازی خۆشەویستی. (شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا،2011: 232) لە شیعرەکەدا، شێوازی نافەرمی بەکارهاتوە، چونکە بۆ خەڵکی ئاسایی نوسراوە.

**8-1) لادانی نوسینی:**

لادانی نوسینی چەند جۆرێکی هەیە، وەکو ستونی، دو نیوەدێری بەرامبەر یەکتر، یان شێوازی ئازاد، کە لە شیعری نوێ پەیڕەوەدەکرێت. لە ڕوی لادانی نوسینییەوە، شاعیر لادانی نوسینی شیعری نوێی لە دەقەکەدا بەکارهێناوە.

لەبارەی جۆری لادانەکان، دەشێت هەندێک جۆری لادان هاوبەشبن لەنێوان دو جۆری لاداندا، بۆ نمونە لادانی فۆنۆلۆجی دەبێتە لادانی شێوەزاریش، وەکو (دەستەسڕ) بوەتە (دەسڕ)، هەروەها هەندێک لادانی شێوەزاریش دەبنە لادانمی مێژویی، وەکو (شاباش).

ڕێژەی ئاماری ســـەدیی لادانی فۆنۆلۆجی، لادانی لێكســـیكی، لادانی ڕێزمانی، لادانی زاری و زمانی، لادانی واتایی لەم هێڵكارییەی خوارەوە دەخەمەڕو:




## 2) بەشی دوەم: پەیوەندیی واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتی بە لادان و ڕۆڵیان لە لێكدانەوەی شیعردا

واتای نائاســـایی و واتای هاوڕێیەتی دو چەمكن یارمەتییەكی زۆرمان دەدەن، بۆئەوەی ئاســـانتر لە واتای دەقی شـــیعر بگەین، بە تایبەتی كە دەقەكە لادانی تێدابێت. واتای نائاســـایی بریتییە لە بەزاندنی پەیوەندی ئاســـۆیی لەنێو ڕســـتەدا، واتە بەزاندنی هاوڕێیەتی نێوان دو كەرەســـتە، یان زیاتر، كە لە ئەنجامدا واتای نائاســـایی دێتەكایەوە و دەربڕاوەكە لە ڕوی واتاوە پەسند نییە و پەیوەستە بە دروستبونی لادانی واتایی و ئەركی وەرگر قورستر دەبێت، چونكە كۆی واتای كەرەســـتەكانی ڕســـتەكە، ئەو واتایەی مەبەســـتە ناگەیەنێت، بەڵكو شـــیكردنەوەی واتاكەی بەنددەبێت بە واتای دەربڕاوی ئاخێوەر. (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2009: 75)، بەڵام واتای هاوڕێیەتی بریتییە لە پەیوەندیی كەرەســـتەیەك لەگەڵ كەرەســـتەیەكی تردا، كە یەكێكیان زاڵە و ئەوەی تر بۆ خۆی ڕادەكێشـــێت و هاوڕێیەتی لەنێوانیان دروســـتدەبێت. (عەبدولواحید مشـــیر دزەیی، 2010 :100)شـــاعیر چەندین هێمای لە هەردو داســـتانی (مەم و زین) و ( شـــیرین و فەرهاد) وەرگرتوە و بە واتای تر بارگاویكردون و بۆ مەبەســـتی پراگماتیكی بەكاریهێناون و وەكو دەمامكێك لەبەر ڕژێمی بەعســـی ســـتەمكارمەبەســـتە بەرەنگارییەكەی پێدەربڕیوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە ئاســـتێكی بەرز و داهێنەرانەی بە دەقەشـــیعرییەكە بەخشـــیوە. ئەو هێمایانەی شـــاعیر بەكاریهێناون، پەیوەســـتن بە واتای نائاســـایی، ئەمەش هۆكارێكە بۆئەوەی شـــیعرەكە بە ئاســـانی واتا نەدات بەدەســـتەوە، بەڵام هاوڕێیەتی واتا هاوكاری خوێنەر دەكات، كە لە گەڕان بە دوای مەبەســـتی دەقەكە بێزارنەبێت. واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتیش ناوازەبون بە شیعرەكە دەبەخشن و دەبنە مایەی سەنجڕاكێشانی خوێنەر.

**1-2)كۆپلەی یەكەم:** واتای نائاسایی :1-دڵ و چیای بێستون. 2-شارێكی و برسی و تینو.

واتای هاوڕێیەتی:1- قوڵنگەكەت بوەشێنە.2 –دڵی ڕەقی بێستون. 3-ئاو دەربێنە..4-گوڵ بڕوێنە.

**2-2)کۆپلەی دووەم:** واتای نائاسـایی:1-ڕێگای ئاڵی بەیان.2-شـار برسـییە.3-شـار تینوە.4- شـارهەنگاوی بەرەو ژورکەی.5-شــار ڕێبوارێکی پەککەوتوە.6-شــار هەنســکێکی ماندوە.7-دورگەی خۆشــەویســتی.8- کونیەکە مەلەوانەکەی خنکاوە. 9- ڕوباری ئاو. 10- گەرووی ئەم شارە. 11-ئەم شارە داماوە.12- چاوی ماندو.
13-دەریای فرمێسک.

واتای هاوڕێیەتی:1-نیگاکانم سۆمایان داهاتوە.2-پەرێزێکی گرتێچوە.3-مەلەوانەکەی خنکاوە.
4-فەرهاد کەی دێی؟! 5-چاو و چاوەڕوانی.6-چاو و فرمێسک تێزان.

**3-2) کۆپلەی ســێیەم:** واتای نائاســـایی :1-پیرەژن و کەڵەشـــێری ناوەخت.2- پەپو و لاوانەوە.3-لە هێلانەی پیرۆزەیی ئاسمانی شار.4-ڕێچکەی ڕەشی زۆنگاو.5-گەردنی سپیی شار.6-گرمەی سوری کرێوە.
واتای هاوڕێیەتی:1-دەرگای ماڵ.2-کەڵەشێر و قوقاندن.3-پەپو و وێرانکاری.4-ئاسمانی شار.
5-گەردنی سپی.6-چاوی سەوز.7-گوڵ ناڕوێ.8-ئاو دەرنایە.9-فەرهاد ئەمرێ.10-ئاواتەکەی بەدینایە.

**4-2) کۆپلەی چوارەم:** واتای نائاســـایی :1-هەناســـەکەم، کە ئەڕژێتە ســـەر ڕوی بێســـتون، وێنەی شـــیرین نەخشئەکا، لێوی تینوی دڵدارێکی لەیاربڕاو نەخشئەکا. 2- پەنجەی مەرگ و خۆشەویستی نەخشئەکا. 3- وێنەکانم بە فرمێسـکی تاڵی هەوری هەمو ئاسـمانێ کێشـراون. 4-هەڵسـانی لافاوی خەم و خۆشـەویسـتی لەنێو ڕوباری چاوانت.-5وێنەکانم، کانیاوی تازە تەقیون ڕوناکەنە ڕوبارە مەنگ و تەڵخەکان.6-ڕوبارەکان خوڕە و هەڵهەڵەیان نایە.7-ڕوبارەکان شـوشـەی پەنجەرەی بەر گرەی هاوینێکن.8-تەمی سـپی هەناسـەمان لە ڕوخسـاریان شـیرین نایە.9-وێنەکانم، تارمایی ڕەشـــی گومانن لە دەرونی دڵدارەکاندا هەڵئەکەن، باڵ دائەدەن10-وێنەکانم نزا و تکای نەبیسـتراوی سـواڵکەرەکانی ناو شـارن.11-وێنەکانم لە برسـانا، لە تینوانا، هەمو شـەوێ دەهەزار جار لە قاپیی دادی خوا ئەدەن.
12-وێنەکانم وەکو گۆرانییەکەی (پۆل ڕۆپســن) ن.13 -وێنەکانم هەنگاوی دەنگ بەســەر هەمو ســنورێکی دورا ئەنێن.14-وێنەکانم لە جەنگەڵی گیانی شـــەوا گوڵی پشـــکۆن و ئەســـوتێن.15-وێنەکەی من، بە خامەی قوڵنگ کێشراوە.16-وێنەکەی من ڕوبارێکە، ئەڕژێتە دەشتی تینویەتیی ئەم دنیاوە.
واتای هاوڕێیەتی:1-هۆ شـــیرین گیان.2- وەرزی قوڵنگ وەشـــاندن 3- دوای ماندوبون.4-نەخشـــکردنی وێنەی شیرین.5-نەخشکردنی لێوی تینوی دڵدارێکی لەیار بڕاو.

**5-2) کۆپلەی پێنجەم:**واتای نائاســایی1-پیرەژن وەکو ســەرەڕمێکی ژەنگاوییە.-2ســینەی ســپیی بێچوەقومری ودڵی گەشـی سـاواکانتان بە خوێنی ئاڵ ئەنەخشـێنم.3-دڵی دایکی خەوی شـەوتان ئەشـێوێنم.4-کە پڕمانم گەرای مەرگ و ڕشانەوە، لە ناو شارا ئەبارێنم.5-ئەو ڕوبارەی تینویەتیی شارێ بشکێنێ، وشکیئەکەم.6-ڕوباری خوێن بە دڵتانا ئەپڕژێنم.7-لە کاسەی سەر ملوانکەیەک بۆ گەردنی شارەکەتان ئەهۆنمەوە.8-جۆگەی خوێنی دڵی فەرهاد ئەخۆمەوە.9-گوڵیش ئەمرێ.
10-ڕوباری ئاو.

واتای هاوڕێیەتی:1- پیرەژن بروسكە هەواڵی مەرگی فەرهادی تاقانەی پێیە.2-فەرهادكوژەم. 3-فەرهاد ئەمرێ.4-هەمو ئەمرن.

**6-2) كۆپلەی شەشەم:** واتای نائاسایی:1-بە مەرگ پردێ بۆ پێشوازیی هاتنی فەرهاد ئەبەستین.2-بە چنگ و پەل تاشی گۆنای بێستون ئەڕنین.3-كێڵگەی وشك و شەرابردو هاوارئەكا.4-دڵی ڕەقی بێستون.

واتای هاوڕێیەتی:1-فەرهاد هەر دێ و ئاو هەڵئەكا.2-قوڵنگەكەت بوەشێنە.3-ئاو دەربێنە.4-گوڵ بڕوێنە.

**7-2) كۆپلەی حەوتەم:** واتای نائاسایی:1-شیرین گوڵێكی هەڵپڕوكاو و مەلێكی بێ دان و ئاوە.2-بە گۆی مەمكی تینویەتی شار گۆشكراوم.3-درەختی ڕەگ لەناو بەفرا داكوتاوم.4-چڵەكانم شەختە و زوقمن.5-لە لانەی هوزاری خەم و تەما نوقمن.6-كەی خۆری سور لە وڵاتی ئاوارەكان بەسەر سەر و شان ئەهێنی؟7-كانیاوی ڕون لچ لە مەلە زامارەكان ئەقورچێنێ.8-پەپو لەناو لانەی هوزارا ئەخوێنێ.9-تەمی خەستی گلێنەمان بڕەوێنە.

واتای هاوڕێیەتی:1-گوڵێكی هەڵپڕوكاو.2-مەلێكی بێ دان و ئاو.3-دیلكراوم.4-كەی گوڵی سورلە دەم لوتكەی چیای زستانا ئەڕوێنی؟! 5-فەرهاد زوكە. 6-قوڵنگەكەت بوەشێنە.7-تاوێری بێستون بڕمێنە.

**8-2) كۆپلەی هەشتەم:** واتای نائاسایی:-1پەردەی بوك و زاواكانتان ئەكەم بە چاڵ. 2- دەس و پەنجەی ساوایانتان، ئەگرمە خوێنی گەش و ئاڵ3-بە سوتوەكەی لێوی شیرین ئەنەخشێنم.4-لە ڕۆژنامەی سنگی پەڵە گەنمەكانا وێنەی لەشكری كوللەزەرد ئەنەخشێنم. 5-هەورم و لە سینگی با دام.5-ئاوی تەقیوی ناو بێستون ئەفڕێنم.6-ڕەهێڵەی خەم بەسەرتانا ئەبارێنم.7-دڕكی فەرهاد و شیرینم.8-تەرزەی ناوەختی بەهارم.9-سون و كوللەم.10-دوژمنی خوێنەخۆی خەلەم.11-لە زۆنگاوی پیسی مەمەم.12-هەزاران هەزار مەرگەوەڕ بۆ زین و مەم بەخێوئەكەم.13-دڵخۆش مەبە شاری ماندو!

واتای هاوڕێیەتی: 1-مەرگێكی ناكاو.2-من مەنجەنیقێ دائەخەم،فەرهادی تیا ئەسوتێنم. 3-هەواڵی مەرگ و گرانی بە گوێتانا ئەچرپێنم. 4-من سەرسەخت و ئاسنینم.5-دڵخۆش مەبن منداڵانی برسی و تینو!6-گوڵ ناڕوێ.. ئاو دەرنایە7-فەرهاد ئەمرێ و ئاواتەكەی بەدینایە.

**9-2) كۆپلەی نۆیەم:** واتای نائاسایی:1-دڕكی پەنجەی زبری سەرما و سەهۆڵ مەمكی كاڵی بەهار ئەڕنێ.2-لە هەوارە دورەكانا، كۆچی ماتم بە فرمێسك و زەردەخەنە، دەواری غەریبی ئەچنێ. 3- ئەو كاروانییەم لە هەزار و یەك ملەدا، هەوری ڕەشی داوی ڕێگر،بارانی مەرگ بەسەر سەرما ئەبارێنێ. 4-ئەی دەنگ!5-كەشكۆڵەكەم خەمی تیایە.6-بارانم و چاوەكانم لێزمەی تیایە.7- ئەشكەوتی قوڵ نركەی گیانت ئەتاسێنێ. 8-لاوكی سور سنگی كپی چیاكانمان ئەهەژێنێ. 9-باخی زڕی لێوی زەردی مناڵەكان، زەردەخەنەی شیرین ئەگرێ. 10-ڕوباری ئاو بۆ گەروی شار ڕێگائەگرێ. 11-مردن ئەمرێ.12-گیانی تینوی ڕەشبەڵەكمان ئاگر ئەگرێ. 13-زرمە و تەقەی شۆڕەسواری خۆر لە چاومان بەری بەرزیی ئاسمان ئەگرێ.14-شاباشی خوێن بۆ مەرگی شەو فڕێئەدرێ.

واتای هاوڕێیەتی:1-من كۆچەرییەكم.2-دێوانەم.3-پۆستەبەرم و ناو جانتاكەم نامەی زەرد و سوری تیایە.4-شیرین دەسڕی سەرچۆپی بۆ وەرزی هاتنم ئەگرێ.

بەم پێیە ژمارەی واتای نائاسایی و واتای هاوڕێیەتی لە دەقەشیعرییەکەدا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ژمارەی واتای نائاسایی لە دەقەشیعرییەکەدا: هەشتا و حەوت، کە ڕێژەکەی دەکاتە.62.77 %.

ژمارەی واتایی هاوڕێیەتی لە دەقەشیعرییەکەدا: پەنجاو یەک، کە ڕێژەکەی دەکاتە 37.22%.

ڕێژەی ئاماری سەدیی واتای ئاسایی و واتای هاوڕێیەتی لەم هێلکارییەی خوارەوە دەخەمەڕو:




## ئەنجام:

1-بەهۆی بەکارهێنانی ئەو ڕێژە بەرزەی لادان، کە سەد و حەفتا و حەوت لادانە، وای کردوە، کە دەقەکە بە بەرزی و شکۆ و زیندویەتی بمێنێتەوە.

2-لە دەقە شیعرییەکەدا، بە هۆی تێکشکاندن و بەزاندنی یاساکانی زمانەوە، چەندین جۆر لادان بەکارهێنراوە و بە هۆیەوە خوێنەر بە ئاسانی لە دەقەکە ناگات و هەڵوەستەدەکات و تێکەڵ بە ڤۆکابولەرییەکان و ڕستەو پەڕەگرافەکان دەبێت و چێژی لێوەردەگرێت.

3- شاعیر سێ لادانی فۆنۆلۆجی بەکارهێناوە و کاریگەریی لەسەر ڕیتم هەیە و ڕێژەکەی دەکاتە 1.69%.

4-لە لادانی لێکسیکیدا، چەندین پێکهاتەی نوێباوی داهێناوە و فەرهەنگی زمانی شیعریی دەوڵەمەند کردوە، کە بریتین لە دە لادان و ڕێژەکەی دەکاتە 5.64%.

5-لە دەقە شیعرییەکەدا، شاعیر بە هۆی بەکارهێنانی لادانی ڕێزمانی بە هەردو جۆری پاش و پێشخستنی ڕیزبەندی کەرەستەکانی ڕستە و کرتاندن، شاعیر داهێنانێکی زۆری لە سینتاکسیی دەقەکەدا ئەنجامداوە، ژمارەی لادانی ڕێزمانی حەفتا و هەشت لادانە و ڕێژەکەی دەکاتە 44.06%.

6-لە لادانی زار و زماندا، شاعیر چەندین ڤۆکابولەریی شێوەزار و زمانی بیانی بەکارهێناوە، هەروەها وشەی لێکدراوی وای ڕۆناوە، کە کەرتێکی کوردی و ئەوی تری بیانییە و ئیستاتیکای بە شیعرەکە بەخشیوە. ژمارەی لادانی زار و زمانی پازدە لادانە، کە دەکاتە 8.47%.

7-لە لادانی واتاییدا، پەیوەندیی نێوان زمان و واتا گۆڕانی تێداکراوە، واتە پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو گۆڕانی بەسەر داهاتوە و ڤۆکابولەرییەکان واتای زیادەیان لێبارکراوە. شاعیر ژمارەیەکی زۆری لادانی واتایی

بەکارهێناوە، کە حەفتاو یەک لادانە. شاعیر یەک هەڵئاوسانی واتایی و یەک پارادۆکس و شەست و نۆ دانەپاڵی سیمای بەکارهێناوە. بەکارهێنانی ئەم ژمارە زۆرەی لادانی واتایی نیشانەی بەهێزیی شێوازی دەقەشیعرییەکەیە. لە دەقەکەدا، دانەپاڵی سیما بەم شێوەیە بەکارهاتوە: بەمرۆڤکردن: سی و حەوت، بەئاژەڵکردن: پێنج، بەڕووەککردن: سێ، بەتەنکردن: دوازدە، بەئەبستراکتکردن: سێ، ڕەنگپێدان: سێ، هەستگۆڕکێ: دو، بەڕەوانکردن: چوار. ڕێژەی لادانی واتایی لە دەقەکەدا بریتییە لە 40.11%.

8-لە دەقەشیعرییەکەدا، هەندێک لادانی مێژویی بەکارهاتوە و جوانیی بە شێوازی شیعرەکە بەخشیوە.

9-لەبارەی لادانی شێوازی لە شیعرەکەدا، شێوازی نافەرمی بەکارهاتوە.

10- شاعیر لادانی نوسینی شیعری نوێی لە دەقەکەدا بەکارهێناوە.

11-شاعیر چەندین هێمای لە هەردو داستانی (مەم و زین) و ( شیرین و فەرهاد) وەرگرتوە و بە واتای تر بارگاویکردون.

12- لە دەقەشیعرییەکەدا، هەشتاو حەوت واتای نائاسایی هەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە 62.77%، لە بەرامبەردا پەنجاو یەک واتای هاوڕێیەتی هەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە 37.22%.

13- لەبارەی جۆری لادانەکان، هەندێک جۆری لادان هاوبەشن لەنێوان دو جۆری لاداندا.

**Linguistic Deviation According to Leech and Short 'Checklist in Anwar Qader' Poem ''The Season of Farhad' Survival''**

**khasro Ahmed Rasul**

Shaqlawa Education Directorate, Directorate General of Erbil, Education, Kurdistan Region of Iraq.

## Abstract:

The research study entitled (Linguistic Deviation in the Season of Farhad's Rise by Anwar Qadir Mohammed According to Leach and Short Checklist). The field of the research is applied linguistics because linguistic deviation in stylistics is a field of applied linguistics. The data of the study is Anwar Qadir Mohammed's poem (The Season of Farhad's Rise). The research approach is analytic and practical which for linguistic deviation relies on the perspectives of Leech and Short's checklist and for the quantities relies on the statistics. The study is important in the sense that it shows the style of the poetic language. The study consists of two sections, in addition to the introduction, conclusions and list of references. In the first section, entitled (Language of Poetry and Deviations), phonological, lexical, grammatical, dialectal, and linguistic, semantic, historical, register and graphological deviations are discussed. The second section entitled (The Relationship between semantic oddities, and deviant collocation and their

Role in Poetry Interpretation) is discussed. In each poem, unusual, meaning, and collocational deviations are identified.

**Keywords:** Deviation, Phonology, Lexical, Grammar, Unusual Meanhng, Collocation.

## سەرچاوەكان:

ئەرستۆ (2004). هونەری شیعر، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ئەنوەر قادر محەمەد (2004). زریان و زایەڵە و زنار، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

دلێر سادق كانەبی (2009). لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی كورد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

سافیە محەمەد ئەحمەد (2013). لادان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا (2011).زمانڤانییا كارەكی، چاپخانەیا خانی، دهۆك.

عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا (2009). شیكردنەوەی دەقی شیعری لە ڕوی زمانەوانییەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عەبدولواحید مشیر دزەیی (2009). واتاسازی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

........................................ (2010). واتاسازیی وشە و ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

محەمەد مەعروف فەتاح (2010). لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، كۆكردنەوە و ئامادەكردنەوەی شێروان حوسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

بەكر عومەر عەلی (1992). بەستن و كرتاندن لە كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین.

ابراهيم منصور التركي (1428هـ). العدول في البنية التركيبية، جامعة الام القرى.

جان كوهن (1986). بنية اللغة الشعرية، ترجمة محمد ولي و محمد العمري، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، المغرب.

جون كوين (2000). النظرية الشعرية، ترجمة و تقديم و تعليق: د. احمد درويش، دار غريب, القاهرة.

سامي محمد عبابنة (2007). التفكير الاسلوبي، رؤية معاصرة في التراث النقدي و البلاغي في ضوء علم الاسلوب الحديث، عمان، الاردن.

ستيفن اولمان (1986). دور الكلمة في اللغة، ترجمة كمال محمد بشير، مكتبة شباب، بغداد.

صالح ملا عزيز (2010). جماليات الاشارة النفسية في الخطاب القراني، دار الزمان، سوريا.

فاضل صالح السامرائي (2003). معاني النحو، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، مطبعة التعليم العالي في الموصل.

سيروس شميسا (1375). كليات سبک شناسی، فردوس، چاپ2، تهران.

كورش صفوی (1374). از زبان شناسی به ادبيات، جلد اول نظم، چشمه، تهران.

Brooks, C. (1968). The Well Wrougth Urn. Studies in the Strucutre of Poetry. London: Methuen.

21-Gray, M. (1994). A Dictionay of Literary Terms. (2nd edn.) London: Longman Group.

22-Leech,G.(1969).A Linguistic Guide to English Poetry,London: Longman.

Leech, G. & Short, M. (1981). Style in Fiction. A Linguistic Introduction to English Fictional Prose. Longman Group Limited.

24-Short, M. (1989). Reading, Analyzing and Teaching Literature. London: Longman.

Short, M.(1996) Exploring the Language of poems, plays and prose. London& New York:Routledge.

26- Widowson, H. G. (1992). Practical Stylistics. Oxford: Oxford University Press.

**پەراوێز:**

(1) دەقە شیعرییەکە لە پەرتوکی (زریان و زایەڵە و زنار) وەرگیراوە، کە هی شاعیر (ئەنوەر قادر محەمەد،2004: 13-19)